مونا قەهوەچی:بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان نایاسایی و نادەستووریی بوو

مونا قەهوەچی، جێگری سکرتێری گشتیی پارتی چاکسازیی تورکمان رایگەیاند، وەکو پێکهاتەی تورکمان بەشداری هەڵبژاردنێك ناکەین کە "پێشوەختە دیزاینی بۆ کراوە".

مونا قەهوەچی ئەمڕۆ پێنجشەممە لەمیانی لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان، لەبارەی نەمانی کورسی پێکهاتەکان رایگەیاند، "نەمانی کورسی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکی سیاسیدا نییە، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان، نایاسایی و نادەستووریی بوو".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانج لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق لێنەوبردنی ئەو پێکەوەژیانەی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکان بو کە لە هەرێمی کوردستان هەیە.

پەیوەست بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە 10ی 6ی 2024 بەڕێوەبچێت، مونا قەهوەچی وتی، "تا کورسی کۆتا نەگەڕێندرێنەوە وەکو پێکهاتەکان و بەتایبەت پارتی چاکسازی تورکمان، بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ناکەین کە پێشوەختە دیزاینی بۆ کراوە".